# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان




## ڕاپۆرتێک لەبارەی:

# پەڕەی دامودەزگا حکومییەکانی گەرمیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕادەی پیشەییبونیان

کانونی یەکەمی 2024

## پێشەکی:

لەگەڵ سەرهەڵدانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەکان و زۆربونی ژمارەی بەکارهێنەرانیان، دامودەزگا حکومییەکانیش لە سنوری گەرمیان رویان لە بەکارهێنانیان کرد بە ئاراستەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکی و ئاگادارییەکانی پەیوەست بە کار و چالاکییەکانیان. لەمیانەی ئەم راپۆرتەدا، هەڵسەنگاندێک بۆ ئاستی ئەو پەڕانە دەکەین و هەوڵدەدەین شێوازی کارکردنیان و دیارترین کێشە و ئالەنگارییەکانیان بزانین.

## بەشی یەکەم: شێوازی کارکردنی پەڕەکان «پەیجەکان»

### ١. سۆسیال میدیای فەرمانگەکان چۆن بەڕێوەدەبرێن؟

سۆسیال میدیای بەڕێوبەرایەتی و دامودەزگا حکومییەکان، لەلایەن بەشی راگەیاندنی فەرمانگەکانەوە بەڕێوەدەبرێن، کە بەشێکی کەمی فەرمانبەرانی ئەو بەشانە خاوەن بڕوانامەن لە بواری راگەیاندن دا و ژمارەیەکی زۆریان پشتیان بە ئەزمون بەستوە، هەریەکەشیان شێوازی کاریان جیاوازە لەوی دیکە.
چۆمان ئەحمەد، لێپرسراوی بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئیدارەی گەرمیان، دەڵێت: سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی ماڵپەڕ و پەیجی ئیدارەی گەرمیان لە ئەستۆی منە، خاوەن بڕوانامەم لەو ئەرکەی پێمسپێردراوە، پەیجی ئیدارەی گەرمیان لە لایەن ٣ ئەدمینەوە بەڕێوە دەبرێت، ئەمە جگە لەوەی کارمەندی دیکەمان هەیە کە کاریان دروستکردنی هەواڵە، بەڵام ئەدمین نین.
دەشڵێت: بڵاوکراوەکانمان چەند جۆرێک لە خۆدەگرن، هەواڵی نوسراو و هەواڵی وێنەیی «فۆتۆ هەواڵ» و ڤیدیۆ و وێنەی گرافیکیشمان هەیە.
هاوکات دانا لەتیف، لێپرسراوی بەشی راگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، دەڵێت: بۆ ئەوەی بڵاوکراوەکانمان یەک شێوە و ئاراستەی کارکردن وەربگرێت، سەرجەم ئەو کارانەی وەک بەشی راگەیاندن ئەنجامی دەدەین لە رێگەی یەک کەسەوە لە سۆسیال میدیای شارەوانی دادەنرێت، کە خاوەنی ٧ ساڵ ئەزمونە لە راگەیاندندا.
دەشڵێت: سێ فەرمانبەرین، کارەکانمان دابەشکردوە بە سەر ئەو ئەرکەی لە ئەستۆمانە وەک وێنەی پرۆژەکان، ڤیدیۆ، مۆنتاژکردنی کارەکانمان، بەشداریکردن لە بانگەوازەکانی شارەوانی، بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە هاوڵاتیانەوە هەیە.
«تەنها خۆم پەیجەکە بەڕێوەدەبەم، خۆشم بڕوانامەم لە راگەیاندندا هەیە، رۆژانە بەپێی پێویست و ئەو ئیشوکارانەی کە ئەنجام دەدرێت پۆست دەکرێت، رێژەیەکی دیاریکراوی مانگانەمان نییە لە پۆستکردندا». چۆمان فەلاح، لێپرسراوی راگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، وای وت.

## ٢. ستافی بەڕێوەبردنی پەڕەکان

بەشێک لە ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیەکان لە لایەن ستافەوە بەڕێوەدەبرێت بەسەرپەرشتی لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن، هەندێکیان لەلایەن تەنها کەسێکەوە، بونی ستاف لە ڕاگەیاندنی فەرمانگەکان بە کاریگەر دەزانن لە باشتر بەڕێوەچونی کارەکانیان.
چۆمان فەلاح، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: بە تەنیا خۆم کارەکانی ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی ئەنجام دەدەم، هەبونی ستاف یارمەتیدەرە لە باشتر بەڕێوەچونی کارەکانمان، هەمو کەرەستە و پێداویستییەکمان لە بەردەستدایە، بەڵام پێویستم بە کەسی دیکە هەیە لە کارەکانی ڕاگەیاندن دا هاوکارم بێت.
هاوکات ستارعەلی، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، دەڵێت: کارەکانی ڕاگەیاندنی پەیجی بەڕێوبەرایەتیمان دابەشکردوە، هەر کەسێک چەند ئەرکێکی پێ سپێردراوە، بەشێوەیەک کەسێک کارەکانی فۆتۆگرافی و بەکارهێنانی فلای کامی لە ئەستۆیە، نوسینی ناوەڕۆکی پۆستەکان لەلایەن کەسێکی دیکەوە ئەنجام دەدرێت، هەندێک لە کارەکانیش بە هاوکاری و هەماهەنگی یەکتری ڕادەپەڕێنین.
«بە هۆی ئەوەی ستافمان نییە، بۆ هەندێک لەکارەکان هەر جارە و کەسێک هاوکاریم دەکات، بەڵام ئەم هاوکارییە لەو ئاستەدا نییە یارمەتیدەری سەرجەم کارەکانمان بێت».
جەواد خەلیل، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی کفری، وای وت.

## ٢. ئەرکی پەڕەکانی سۆسیال میدیای فەرمانگەکان

### ا. بڵاوکردنەوە کار و چالاکی

«بڵاوکراوەکانمان بە پلەی یەکەم بۆ کار و چالاکییەکانی تایبەت بە ئیدارەی گەرمیانە، بەو پێیەی ئیدارەی گەرمیان مەرجەعە بۆ سەرجەم فەرمانگەکانی دیکە، بەپێی پێویست کار و چالاکی فەرمانگەکانیش بڵاودەکەینەوە». چۆمان ئەحمەد، لێپرسراوی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئیدارەی گەرمیان، وای وت.
وتیشی: کار لەسەر ئەو هەواڵ و ڕێنماییانەی وەزارەتەکان دەکەین کە پەیوەندیدارن بە سنوری ئیدارەی گەرمیانەوە، گرنگی دەدەین بە پۆستکردنی هەندێک بابەت کە بەلای خەڵکەوە گرنگن، وەک بڕیاری حکومەت و بەدواداچونی گرفت و داتا و ئامار.
هاوکات سامان عەلی، وتەبێژ و لێپرسراوی ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: شێوازی پۆستکردنمان خۆی دەبینێتەوە لە ڕوداوەکانی هاتوچۆ و بڵاوکردنەوەی ئاگاداری لە کاتی دروستبونی گرفت لە ڕێگاوبانەکاندا، بەمەبەستی ئاگەدارکردنەوەی شۆفێران بۆ ئەوەی بە دوربن لە ڕوداوی مەترسیدار.
«جگە لە بڵاوکردنەوەی کار و چالاکییەکانی فەرمانگەکەمان، بەشێک لە پۆستەکانمان تایبەتە بە خستنەڕوی وێنەی جوانی شار، ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان لە ئەگەری ئەو حاڵەتانەی کە پێویستن وەک داخستنی ڕێگا سەرەکییەکان، هەروەها دانانی بانگەوازی پرۆژەکان و بانگهێشتکردنی هاوڵاتیان بۆ مامەڵەی پێویست». دانا لەتیف، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، وای وت.
لەبەرامبەردا پسپۆڕانی ڕاگەیاندن بڵاوکراوەی پەیجی فەرمانگەکان، وەک پەیجی کەسی یەکەمی فەرمانگەکە دەبینن.
دەشتی عەلی، مامۆستای زانکۆ و شارەزای ڕاگەیاندن، دەڵێت: ئەو زانیارییانەی لە پەیجی بەڕێوبەرایەتی و دامودەزگا حکومییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی دەکەنەوە زیاتر گوزارشت لە کەسی یەکەمی فەرمانگەکە دەکات، کەمتر بەشداریی ستافی فەرمانگە و دامەزراوەکە دەخرێتەڕو.
دەشڵێت: پەیجەکانیان زیاتر وەک پەیجی تایبەتی بەڕێوبەرەکە دەردەکەوێت نەک دامەزراوەکە.
هاوکات د. یادگارعەلی، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی ڕاگەیاندن، دەڵێت: پەیجی فەرمانگەکان زیاتر کار لەسەر بڵاوکردنەوەی چالاکی و دەرکەوتنەکانی بەڕێوبەری فەرمانگەکە دەکەن، وەک سەردان و بەسەرکردنەوە، ئەمەش پەیوەندی بە بەرپرسیارێتیەکەیەوە نییە وەک بەڕێوەبەر.

## ب. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری

«بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری یەکێکـە لـەو بابەتـە گرنگانەی کە زۆرجار هەوڵمانداوە بە پۆستی تایبەت هۆشیاری بڵاوبکەینەوە». ئالان عەلی، لێپرسـراوی بەشـی راگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان، وای وت.
وتیشـی: ئـەو پۆسـتانەی کـە بابەتـی هۆشـیارییە، بەلامانەوە گرنگ بوە بەرچاوی زۆرترین خەڵک بکەوێت و لێی سـودمەندبن، سپۆنسـەرمانکردوە، ڕۆژانەش بۆ ئـەوەی بە زۆرترین کەس بگات نوێی دەکەینەوە.
هاوکات، سـالار عەزیز، لێپرسـراوی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، دەڵێت: بەو پێیەی ئاوی خواردنەوە یەکێکە لە پێداویستییە گرنگ و سەرەکییەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیـان، لەڕێگەی سۆسـیال میدیـای بەڕێوبەرایەتیەکەمانەوە بە پێویسـتمانزانیوە هۆشـیاری بڵاوبکەینەوە لە بارەی پیسبونی ئـاوی خواردنـەوە و ئەو نەخۆشـیانەی بەهۆی ئـاوی خواردنەوە بڵاودەبنــەوە، لەو حاڵەتانەدا بەجدی هەوڵمانداوە بەزوترین کات هاوڵاتیان لەو مەترسیانەی کە هەیە ئاگادار بکەینەوە.
دەشڵێت: ئەو نەخۆشیانەی بە هۆی پیسبونی ئاوی خواردنەوەوە بڵاودەبنەوە، یان گۆڕانکاری بەسـەر ئاوی خواردنەوەدا رودەدات، کاریگـەری لەسـەر کوالێتی ئـاو دەبێت، لە رودانـی حاڵەتی لەو شـێوەیەدا راسـتەوخۆ هۆشـیاری دەدەیـن بۆ ئەوەی ئـەو ئاوە نەخۆنەوە.
«بۆ هەر بابەتێکی پەیوەندیدار بە هۆشیاریی، زیاد لە چەند جارێک بڵاوکراوەی هۆشیاریمان هەیە، لە پێناو گرنگیدان بە پاک راگرتنی باخچەکان و داواکردنی پاراسـتنی درەخت و کەرەسـتەی شوێنە گشـتییەکان». دانا لەتیف، لێپرسـراوی راگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، وای وت.
وتیشی: بۆ ئەو کەرەستە نوێیانەی بۆ شوێنە گشتییەکان دادەنرێت فێرکاری چۆنیەتی بەکارهێنانمان بڵاوکردوەتەوە.
شارەزایانی راگەیاندن گرنگیدان بە بابەتی هۆشیاریی لە سۆسیال میدیای فەرمانگەکان بە لاواز دەبینن.
د. یادگارعەلی، مامۆسـتای زانکۆ و شارەزای راگەیاندن، دەڵێت: بۆشـاییەکی زۆر لە بڵاوکردنەوەی هۆشـیاری لە سۆسیال میدیای فەرمانگەکانـدا هەیـە، بنەڕەتـی کاری ئەوان پێویسـتە لەسـەر بنەمای بڵاوکردنەوەی هۆشـیاریی و رۆشـنبیرکردنی خەڵک بێت، لە بابەتەکانی وەک: تەندروسـتی، ڕێگاوبان، هاتوچۆ، پێویسـتە راگەیاندنـی فەرمانگە و بەڕێوبەرایەتییەکان، ئاگایان لەم بابەتانە بێـت، تەنهـا کاریـان بریتی بێت لـە بڵاوکردنـەوەی کۆبونەوە و بەسەرکردنەوە.
دەشـڵێت: بەئـاگا هێنانـەوە و رێنماییکردنـی خەڵکـی گرنگە، کە چـۆن خزمەتگوزارییـەکان بپارێزن، چۆن خەڵـک زانیاری بە حکومەت بدات و هەماهەنگ بێت لەگەڵ حکومەتدا.
هاوکات دەشـتی عەلی، مامۆسـتای زانکۆ و شارەزای راگەیاندن، دەڵێـت: سۆسـیال میدیای دامـودەزگا حکومییەکان لـە بابەتی هۆشداریدا زۆر لاوازن بەگشتی و زۆر گرنگی پێنادەن.
دەشـڵێت: ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتن لە ئەرکی راگەیاندن کە راگەیاندن چەند هێز و کاریگەری لەسەر خەڵکی بەکارهێنەر و وەرگر دروست دەکات.

## ت. بە دواداچون بۆ کۆمێنت و نامەی هاوڵاتیان

یەکێکـی دیکـە لە کاری سۆسـیال میدیـای دامـودەزگاکان، وەرگرتنی نامە و داواکاری و سەرنج و رای هاوڵاتیانە.
«ئـەو نامەو کۆمێنتانـەی هاوڵاتیان لە رێگەی پەیجەوە بۆمان دەنێرن ئەگەر گرنگ و پەیوەندیدار بێت بە شارەوانی کەلارەوە، پێویسـت بـکات دەیگەیەنیـن بە بەشـە جیـاوازەکان، بەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی رێنماییان دەکەین سـەردانی شارەوانی بکـەن بـۆ وەرگرتنـی وەڵامی دروسـت و بە ڕێکاری یاسـایی کارەکانیـان بـۆ ئەنجام بدرێت». دانـا لەتیف، لێپرسـراوی راگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، وای وت.
هـاوکات جەواد خەلیل، لێپرسـراوی راگەیاندنـی قایمقامیەتی کفـری، دەڵێـت: ئەو نامانەی کە هاوڵاتیان ئاراسـتەی پەیجی دەکەن دەیگەیەنم بە قایمقام، دۆسیە هەبوە لە ڕێگەی کۆمێنت و نامـەوە بۆمـان هاتوە، قایمقـام بەدواداچونی بـۆ کردوە و وەڵامدانەوەی هەبوە بۆ کەسەکە.
هەروەک سـامان عەلـی، وتەبێژ و لێپرسـراوی بەڕێوبەرایەتی هاتوچـۆی گەرمیان، دەڵێت: بە دواداچون بۆ نامە و کۆمێنتی هاوڵاتیان دەکەین، لێکۆڵینەوەمان کردوە لە راستودروسـتیان پاشـان وەڵامدانەوەمان هەبوە، بۆ ئەو مەبەستەش کەسێکمان داناوە بۆ وەڵامدانەوە.
لەبەرامبـەردا، د. یادگار عەلی، شـارەزای راگەیاندن، دەڵێت: هاوڵاتیان کۆمێنت بۆ پەیجی فەرمانگە حکومییەکان دەنوسن، بـەڵام نابینـم وەڵام بدرێنـەوە یان بەدواداچونیـان بۆ بکرێت، رەنگە کەم هەبێت، بەڵام بە زۆری ئەوە نابیندرێت.
لـە بەرامبـەردا، چۆمـان ئەحمـەد، لێپرسـراوی راگەیانـدن و پەیوەندییەکانـی ئیـدارەی گەرمیـان، دەڵێـت: چاودێـری کۆمێنتـەکان دەکەین وەک فیدباک بـۆ زانینی بۆچونی خەڵک لـە هەندێک بابەتدا، بەڵام وەڵامی کۆمێنـت نادەینەوە بەهۆی ئـەوەی وەڵامدانـەوەی ئێمە دەبێتە وەڵامـی فەرمی، هەروەها وەڵام وەردەگریـن بـۆ ئەو نامانەی کە پێوسـت بێت پاشـان وەڵامیان دەدەینەوە.

# بەشی دوەم: گرفتەکانی پەڕەی سۆسیال میدیای فەرمانگەکان

## ١. گرفتی داڕشتنی ناوەڕۆک

شارەزایانی راگەیاندن رەخنە لە داڕشتنەوەی ناوەڕۆکی پۆستی بەڕێوبەرایەتی و دامودەزگا حکومییەکان دەگرن و پێیانوایە لە ئاستێکی خراپدان.
دەشتی عەلی، مامۆستای زانکۆ و شارەزای راگەیاندن، دەڵێت: لە روی داڕشتنەوەی ناوەڕۆکەوە بڵاوکراوەکانی راگەیاندنی بەڕێوبەرایەتیەکان لە ئاستێکی خراپ و لاوازدان، رێنوسیان هەڵەی زۆری تێدایە بەبێ هەستکردن بەم هەڵانە بڵاوی دەکەنەوە.
دەشڵێت: ئەم هەڵانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتی دەکەن، زۆر شارەزاییان لە نوسینی کوردیدا نییە.
هاوکات د. یادگارعەلی، مامۆستای زانکۆ و شارەزای راگەیاندن، جەخت لەوە دەکاتەوە و دەڵێت: دەقی نوسراوەکانیان لە روی زانستی و داڕشتنەوەوە کێشەیان تێدایە.

لە بەرامبەردا لێپرسراوی راگەیاندنی پەیجەکان چی دەڵێن؟
بڕوا جەلال، لێپرسراوی راگەیاندنی «ئاراستەکردن و رابەریکردنی مەعنەوی» پۆلیسی گەرمیان، دەڵێت: هەمو ئەو بابەتانەی بڵاوی دەکەینەوە، گرنگیمان داوە بە وەی لە روی ناوەڕۆک و زمانەوانییەوە بێ هەڵە بن، بۆ ئەوەی هەڵە بەسەرماندا تێنەپەڕێت دوای داڕشتنەوە و نوسینی هەر بابەتێک پێداچونەوەی بۆ دەکەین پاشان بڵاوی دەکەینەوە.
هەروەک سامان عەلی، وتەبێژ و لێپرسراوی راگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: لە ناوەڕۆکی پۆستەکانماندا، زۆر گرنگی دەدەین بە داڕشتنەوە و رێنوس و خاڵبەندی پێش ئەوەی بڵاوی بکەینەوە.

## ٢. نەخستنەڕوی زانیاری پێویست

راگەیاندنی بەڕێوبەرایەتیەکان سەرچاوەی زانیارین بۆ رۆژنامەنوسان، بۆ وەرگرتنی ئەو هەواڵ و روداوانەی بۆ کارە رۆژنامەنوسیە رۆژانەییەکانیان پشتی پێ دەبەستن، بەڵام ئایا تاچەند ئەم زانیارییانە جێگەی متمانەی رۆژنامەنوسانن؟
«لە لایەنی متمانەکردن بە پەیجی دامودەزگا حکومییەکان، هەمویان لە یەک ئاستی متمانەدا نین، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنیکی تر دەگۆڕێت، هەریەکە لە راگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان و بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان بەلای منەوە متمانەپێکراون و لەکاتی خۆیدا هەمو شتێک بڵاودەکەنەوە». هونەر حەمید، رۆژنامەنوس، وای وت.
وتیشی: بەڵام راگەیاندنی بەڕێوبەرایەتییەکان زانیاری کەمتر بڵاودەکەنەوە، لە خستنەڕوی داتا و ئاماری ساڵانە، گرنگە پەیجەکان داتا و ئامار بڵاوبکەنەوە.
هاوکات ئەیاد محەمەد، رۆژنامەنوس، دەڵێت: بەشێک لە راگەیاندنی پەیجەکان، بڵاوکراوەکانیان پر زانیاری نین و زانیاری تەواو ناخەنەڕو، ئەمەش رۆژنامەنوس ناچاردەکات بۆ کارە رۆژنامەوانییەکانی و وەرگرتنی زانیاری زیاتر بۆ ئەو پرسیارانەی لە ئەنجامی بڵاوکراوەکانیان بۆی دروستدەبێت و نەخراوەتەڕو، پەیوەندی بە بەرپرسی راگەیاندنی ئەو شوێنەوە بکات.
«ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە وەڵامدەرەوەی پرسیاری خەڵکی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زانیاری وردی تیادا نییە و پرسیار لەلای وەرگر دروست دەکات، لە کاتێکدا ئەبێت پرسیارت لە لا دروست نەکات، بەڵکو دەبێت وەڵامی تەواو لە پۆستەکەدا وەرگریت». دەشتی عەلی، مامۆستای زانکۆ و شارەزای راگەیاندن، وای وت.
لە بەرامبەردا بڕوا جەلال، لێپرسراوی راگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان، دەڵێت: لە خستنەڕوی زانیاریدا سنورێکمان بۆ دیاریکراوە، لە سەرەتای روداودا ناتوانین هەندێک وردەکاری بڵاوبکەینەوە، ئەمەش پەیوەندی بە رێڕەوی لێکۆڵینەوەوە هەیە.
«کاری رۆژنامەنوسی تەنها روماڵکردنی روداو نییە، بەڵکو بەدواداچونە بەدوای هەندێک وردەکاری هەندێک بابەتی نەزانراو لەلای خەڵک، ئەوەی کە روداوێک رودەدات خەڵک هەر دەیزانێت، ئەوان وردەکاری بڵاو دەکەنەوە، بەڵام کۆمەڵێک بابەتی بنکۆڵکاری هەیە، کە کاری رۆژنامەنوسە بە یاساش مافی وەرگرتنی زانیاریت هەیە، لە دامودەزگا حکومییەکان، ئەم زانیارییانە نەک بڵاوناکەنەوە لە وێبسایت و راگەیاندنەکانیان، بەڵکو داواشی دەکەیت پێت نادەن». گەرمیان حەمەی پور، رۆژنامەنوس، وای وت.
وتیشی: لە راگەیەندراوەکانیاندا لە بارەی روداوەکان، دنیایەک پرسیار وەڵام نادرێتەوە، تەنها ئەوەی کە خۆیان مەبەستیانە بڵاوی دەکەنەوە.
پرسیار ئەوەیە چی بکرێت بۆ باشترکردنی دۆخی پەیجی راگەیاندنی دامودەزگا حکومییەکان؟
دەشتی عەلی، مامۆستای زانکۆ و شارەزای راگەیاندن، دەڵێت: ئەو کەسانەی ئیدارەی سۆسیال میدیای دامودەزگا حکومییەکان دەدەن، گرنگە کەسانی راگەیاندکار یاخود خاوەن شارەزایی زۆربن لە راگەیاندندا، ئاگاداری ئەوەبن کە راگەیاندن و خەڵکیش چی پێویستە و ئەوانیش چی پێشکەش بە وەرگر و خوێنەرانیان دەکەن.




## ٣. لاوازیی داهێنانی میدیایی

«بەشێکی زۆری پەیجی دامودەزگا حکومییەکانی گەرمیان پۆست و بڵاوکراوەکانیان کۆن و تەقلیدین، راهاتون تەنها بە تێکست و وێنە رومالّی کار و چالاکییە ئەنجام دراوەکانی فەرمانگەکەیان بکەن، بەمشێوەیە کارەکەیان لە کۆڵ دەکەنەوە» . کاروان سامان، راهێنەر و شارەزای ڤیدیۆگرافی، وای وت.

وتیشی: بەڵام ئەمە بەس نییە، لەکاتێکدا لە دنیای سۆسیال میدیایی ئەمڕۆدا گەیاندنی پەیام فرە چەشن بوە، پێویستە جۆری گەیاندنی پەیامەکان هەمەجۆربن، کە دەکرێت بە کارکردن لە رێگەی (سلایدی کورت، تلایلەر، کورتە لێدوان، راپۆرتی کورت و هاوشێوەی ریل) پەیامەکانیان بگەینن.

هاوکات دەشتی عەلی، مامۆستای زانکۆ و شارەزای راگەیاندن، دەڵێت: لەروی دەرخستنی زانیاری و شێوازە نوێیەکانی زانیاری لە بواری گرافیک دیزاین و گۆشەی وێنە و دیزاینی وێنەوە، پەیجەکان زۆر خراپن و لە ئاستێکی لاوازدان.

دەشڵێت: ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی راگەیاندنی فەرمانگەکان بەشێوەیەکی باش لە مەهامی راگەیاندن تێنەگەیشتون، ئەگەر تێبگەن دەبێت بزانن هەر دەستکەوت و کار و پرۆژەیەکی گرنگ، چەند گرنگیش بێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ئەگەر نەتوانن خستنەڕویەکی باشی بۆ بکەن لە روی راگەیاندنەوە، دەرناکەوێت.

هاوکات، کۆسار عومەر، فۆتۆگرافەر و راهێنەری ئەو بوارە، ئاماژە بەوەدەکات زۆرجار وێنەکان بەبێ هیچ وردەکارییەک بڵاودەکرێنەوە، ئەمەش وادەکات لاواز دەربکەون.

دەشڵێت: لە پەیجەکان گرنگی پێویست بە دیمەنە ڤیدیۆییەکان نادرێت، ئەوەی هەیە سەرپێیانەیە و گۆشەی گونجاو وەرناگرن بۆ تۆمارکردن هەتا کارێکی ناوازە بێتە بەرچاو، هەروەها دروستکردنی ڤیدیۆی یەک بۆ دو خولەکی کاریگەری زۆرباشی لەسەر ڤیو و بینینی چالاکییەکانیان دەبێت و لەمڕووەوە لاوازن.

لە بەرامبەریشدا کاروان سامان، راهێنەر و شارەزای ڤیدیۆگرافی، دەڵێت: راگەیاندنی فەرمانگەکان کەرەستە و پێداویستی باشیان هەیە، بەڵام هونەری بەڕێوەبردنی سۆسیال میدیایان لە ئاستی پێویستدا نییە.

هاوکات، د. یادگار عەلی، مامۆستای زانکۆ و شارەزای راگەیاندن، دەڵێت: ئەو پەیجانەی فەرمانگەکان کە لەلایەن کەسانی ئەکادیمییەوە بەڕێوەدەبرێن رەنگدانەوەی لە پۆست و ڤیدیۆکانیاندا هەبوە، وەک پەیج و سایتی ئیدارەی گەرمیان، ئینفۆگرافیک بڵاودەکەنەوە لە ئاستێکی پێشکەوتوی باشدا، بەڵام ئەوانی دیکە لە ئاستێکی خراپدان.

کۆسار عومەر-یش، ئاماژە بەوەدەکات: پەیجەکان هیچ وێنەیەکی ئەنیمەیشن و گرافیکی جوڵەداریان نییە کە بەکارهێنانی ئەنیمەیشنی سادە یان گرافیکی جوڵاو بۆ راگەیاندنەکان یان بۆ تیشکخستنەسەر ئامارە سەرەکییەکان یان کلیلەوشەیەکی بابەتێک، یارمەتیدەرن کە بابەتەکە سەرنجڕاکێش دەربکەوێت.

پرسێکی تر کە ئەو فۆتۆگرافەرە سەرنجی دەخاتە سەر، مەسەلەی لایەنی ئیتیکی «ئەخلاقی»یە لە بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ.

وتی: پەیجەکان لە روی گرنگیدان بە لایەنی «رەوشتیی» لەکاتی وێنەگرتندا لاوازن، بەنمونە: دەرنەخستنی خوێن و بەرکەوتنی قورس، پێشاننەدانی وێنەی قوربانی و پێکدادان و مردن و لەناوچون و کەسی بەخشراو، یان بەشێوەیەک و لەگۆشەیەکی جیاوازەوە وێنەکە بگیرێت کە رەچاوی لایەنی رەوشتیی «ئیتیکی» بکرێت.

### ٤. نەکردنەوەی خول و ڕاهێنان

بەرپرسـانی ڕاگەیاندنـی بەڕێوەبەرایەتیـەکان کردنـەوەی خول و ڕاهێنان لە بەڕێوبردنی سۆسیال میدیادا بە گرنگ و پێویست دەزانن بۆ بەرەوپێشبردن و باشتر ئیدارەدانی ڕاگەیاندنی فەرمانگەکانیان. بروا جەلال، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان، کە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ هۆبەی ئاراستـەکردن و ڕابەریکردنی مەعنەوی پۆلیسی گەرمیـان، دەڵێـت: کردنـەوەی خول و ڕاهێنان بۆ ئەو سـتافەی کارەکانـی ڕاگەیاندن ئەنجام دەدەن، کاریگەری باشـی دەبێت لە باشتر ڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕاگەیاندنی فەرمانگەکان.

دەشڵێت: ئامادەی بەشدارییکردنین لە هەر خولێکی ڕاگەیاندن دا، کـە هەر لایـەن و ڕێکخراوێک بیکاتەوە و بانگهێشـتی کارمەندانی ڕاگەیاندنمان بکات.

هاوکات سامان عەلی، وتەبێژو لێپرسراوی ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، دەڵێت: وەرگرتنی خول و ڕاهێنان زۆر گرنگە بۆ ئەو کەسانەی پەیجی بەڕێوبەرایەتیەکان بەڕێوەدەبەن، چونکە ئەوان زانیارییەکانیان لە ئاستێکی دیاریکراودایە، ئەنجامدانی خول کاریگەری دەبێت لە ئاشنابونیان بە زانیاری نوێ و تازەگەرییەکان لە بواری ڕاگەیاندن دا.

«وەکو ڕاگەیاندنی فەرمانگەکان بەو پێیەی نوێنەرایەتی کەسـێک ناکات، بەڵکو نوێنەرایەتـی بەڕێوبەرایەتییەک دەکات، کردنەوەی خول و ڕاهێنان پێویستە، بۆ شارەزابون بە بنەماکانی ڕاگەیاندن».

جەواد خەلیل، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی کفری وای وت.

هەروەک دەشـتی عەلی، مامۆسـتای زانکۆ و شارەزای ڕاگەیاندن، دەڵێـت: بۆ ئـەوەی ڕاگەیاندنـی فەرمانگەکان بزانن ڕایگشـتی و ڕاگەیانـدن چی پێویسـتە، بینینـی خولی ڕاگەیاندن پێویسـتە، بـەو پێیـەی لە سۆسـیال میدیادا تەنهـا بۆ ڕاگەیاندنەکان شـت بڵاوناکرێتە، بەڵکو بۆ ڕای گشتییە.

## بەشی سێیەم: ڕاوبۆچونی هاوڵاتیان

### ١. هاوڵاتیان ئاستی پەڕەکان بە مامناوەند دەزانن

یەکـەی چاودێریـی حکومەتی خۆجێی گەرمیـان، لەبارەی ڕادەی ڕازیبونـی هاوڵاتیان بە کاری پـەڕەی فەرمانگە حکومییەکان لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان و هەروەها زانینی تێبینی و سەرنجەکانیان، ڕاپرسـییەکی ئۆنلاینی لەنێوان ژمارەیەک هاوڵاتی دا ئەنجام داوە کـە (٦٨) کەس وەڵامیان داوەتەوە، دەرەنجامەکەی بەمشـێوەیە بو:

**ڕەگەز:**

نێر (٥٠٪)　　مێ (٥٠٪)

**تەمەن:**

١٨-٢٥ ساڵ (١٠,٣٪)　　٢٦-٤٠ ساڵ (٦٧,٦٪)

٤٠-٦٠ ساڵ (٢٢,١٪)


**پیشە:**

فەرمانبەر (٦٠,٣٪)　　کەرتی تایبەت (٢٢,١٪)

خوێندکار (٤,٤٪)　　بێکار (١٣,٢٪)


### تاچەند سەیری (متابعەی) پەیجی دامودەزگا حکومییەکانی گەرمیان دەکەیت؟

زۆر زۆر (٧,٤٪) زۆر (٣٥,٣٪) مامناوەند (٣٦,٨٪) کەم (١٩,١٪) هیچ (١,٥٪)





### تاچەند زانیاریی پەیجی دامودەزگا حکومییەکانی گەرمیان گرنگ و باشن؟

زۆر زۆر (٤,٤٪) زۆر (٢٢,١٪) مامناوەند (٥١,٥٪) کەم (١٩,١٪) هیچ (٢,٩٪)





### تاچەند متمانەت بە زانیاریی پەیجی دامودەزگا حکومییەکانی گەرمیان هەیە؟

زۆر زۆر (٧,٤٪) زۆر (٢٣,٥٪) مامناوەند (٥٠٪) کەم (١٧,٦٪) هیچ (١,٥٪)



**تاچەند بۆ وەرگرتنی زانیاریی دەچیتە سەر پەیجی دامودەزگا حکومییەکانی گەرمیان؟**

زۆر زۆر (٩ ,٥٪)  زۆر (٢ ,١٦٪)  مامناوەند (٢ ,٤١٪)  کەم (٣ ,٣٥٪)  هیچ (٥ ,١٪)




**ئایا پەیجەکان خۆیان دێنە پێش چاوت یان خۆت بۆیان دەگەڕێیت و دەتەوێت بیانبینیت؟**

خۆیان دێنە پێش چاوم (٢ ,٣٨٪)  خۆم بۆیان دەگەڕێم (٧ ,١٤٪)

هەندێکجار خۆیان دێنە پێش چاوم و هەندێکجاریش خۆم بۆیان دەگەڕێم (٢ ,٣٨٪)

**تاچەند لایک بۆ پۆست و بڵاوکراوەکانی پەیجی دامودەزگا حکومییەکانی گەرمیان دەکەیت؟**

زۆر زۆر (٩ ,٢٪)  زۆر (٧ ,١٤٪)  مامناوەند (١ ,٢٢٪)  کەم (٤ ,٥٤٪)  هیچ (٩ ,٥٪)

**تاچەند کۆمێنت بۆ پۆست و بڵاوکراوەکانی پەیجی دامودەزگا حکومییەکانی گەرمیان دەکەیت؟**

زۆر زۆر (٥ ,١٪)  زۆر (٤ ,٤٪)  مامناوەند (٧ ,١٤٪)  کەم (٦ ,٤٥٪)  هیچ (٨ ,٣٣٪)

**تاچەند شەیری پۆست و بڵاوکراوەکانی پەیجی دامودەزگا حکومییەکانی گەرمیان دەکەیت؟**

زۆر زۆر (٠٪)  زۆر (٤ ,٤٪)  مامناوەند (٤ ,٤٪)  کەم (٤ ,٧٪)  هیچ (٨ ,٨٣٪)

**هەبوە نامە بۆ پەیجی دامودەزگا حکومییەکانی گەرمیان بنێریت؟**

بەڵێ (٢ ,١٣٪)  نەخێر (٨ ,٨٦٪)

**ئەگەر بەڵێ نامەت بۆ پەیجەکان ناردوە، ئایا وەڵامیان داویتەتەوە؟**

بەڵێ (٢٠٪)  نەخێر (٨٠٪)

## ٠٢. بۆچونی هاوڵاتیان لەبارەی کاری پەڕە حکومییەکان

هەر لەمیانــەی ئامادەکردنی راپۆرتەکەمــان و هەروەها لەمیانەی راپرسیەکەشــدا، رای ژمارەیــەک لەو هاوڵاتیانــە وەرگیراوە کە لە خوارەوە پوختەکەیان دەخەینەڕو:

* رەخنەم لە بڵاوکراوەی پەڕە حکومییەکان هەیە کە شتی رۆتینی بڵاودەکەنــەوە، بڵاوکردنــەوەی کۆبونــەوەی نا و دامــودەزگاکان پێویســت نییــە لە پەیجــەکان دابنرێت یاخــود پرۆژەیەک ئەنجام دەدەن ژمارەیەکی زۆر وێنەی بڵاودەکەنەوە، هەندێک کار و بابەت پێویست بە بڵاوکردنەوە ناکات.

* راستە تارادەیەک لەم روەوە کەموکورتییان هەیە، بەڵام بونیان گرنگە و ســودم لــە پەیجەکانیان وەرگرتوە، بەپێویســتی دەزانم پەرەی زیاتر بەکارەکانیان بدەن لە پێناو خزمەتی زیاتر.

* داوام وایە ئەو کەسانەی کار لەسەر پەیجەکان دەکەن پسپۆڕی تایبەت بن لەبواری راگەیاندن و شــارەزایی باشــی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و لایەنی دەرونی و پەروەردەیی بن.

* پەیــج واتا ئاســانکردنی زانیاریەکان تاکــو بگات بە هاوڵاتیان، کەواتە دیزاینی وێنەکان و ڤیدیۆ گرافیک زۆر گرنگ و پێویســتە، لەگەڵ دانانی کەسی پسپۆڕ بۆ ئەوەی نامەی پرسیار و تێبینیەکانی هاوڵاتیان وەڵام بداتەوە.

* پێویستە کەسانی خاوەن بروانامەی راگەیاندن یاخود کەسانێک دابنرێت ئەزمونیان هەبێت لە راگەیاندندا، تاکو شێوازی مامەڵەیان بزانن لەگەڵ راگەیاندکاراندا.

* پەیج و سایتە حکومییەکان هیچ کارا نین، ئینجا لەناو خەڵکیدا نین تا شتەکان بەدروستی و راستی بگەیەنن.

* هیوادارم کەســانی پســپۆڕ بە راگەیاندن سەرپەشــتی پەیجی فەرمی دامودەزگا حکومییەکانی گەرمیان بکەن، چونکە بەڕاستی هەندێکجار بڵاوکراوەی وایان هەبوە کە هەڵەی زۆر زەقەی تیدابوە، چی لەڕوی رێزمانیەوە بێت یان لەڕوی ناوەڕوەکەوە.

* پەیجەکان زیاتر هەستدەکەی پەیجی شەخسی بەڕێوەبەرەکەیە، چونکە زۆربەی چالاکی شەخسییە و بەگشــتی زانیاریی لەســەر فەرمانگەو یاساکانیان تێدا نیە.

* کار لەســەر راستودروســتی هــەواڵ بکــەن، گرنگی بــە کار و چالاکــی زیاتر بــدەن، خزمەتی زیاتر بکەن بۆ دامــودەزگاکان بۆ ئەوە کەرتی حکومی زیاتر خزمەتی شار و گەڕەکەکان بکات.

* لەئێستادا گرنگە دامودەزگاکان کار لەسەر ئەوە بکەن هاوڵاتی وەکماڵی خۆی لەو دامودەزگایانە بڕوانێت.

* خۆزگــە فەرمانگــەکان زۆر چالاک ئەبــون لەبڵاوکردنەوەکانیان بەتایبەتی بۆ کاتی دەوام و پشو بەتایبەتی لەکاتی بایکۆتدا، من بــۆ خۆم ئەمــڕۆ کابرایەک لەپێنجوێنەوە هاتبو بــۆ فەرمانگەیەک ئــاگای لــەوە نەبو کە بایکۆت کــراوە، ناچار هــەروا گەڕایەوە بۆ پێنجوێن.

* پەیجــی فەرمانگە ودەزگا حکومییەکان زمانحاڵی دەزگاکەیەتی بەپێویســتی دەزانم کە بابەتی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزاریەکانی دەزگاکــەی بڵاوبکاتــەوە، بابەتــی ســەردانیکردنی بەڕێوەبــەر و بەرپرسان و میوانەکان بڵاونەکاتەوە.

* پێویســتە گرنگی بە کاتی پۆســتەکان بدرێت، جاری وا هەیە سەعات یەکی شەو پۆست دەکرێت، پێویستە گرنگی بە بەدواداچونی تەواو بدرێت و زانیاری تەواو لە پۆستەکاندا بخرێتەڕو.

## بەشی چوارەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجامەکان

١. زۆرینەی دامودەزگا حکومییەکانی گەرمیان خاوەنی پەڕەی خۆیانن لە سۆسیال میدیا، بەڵام زۆر بەکەمی خاوەنی ماڵپەڕ «سایت»ن.

٢. پەڕەی دامودەزگاکان بەکاردێت بۆ بڵاوکردنەوەی کار و چالاکییەکانی فەرمانگەکە، هەروەها ئامار و خزمەتگوزارییەکانیان، لەگەڵ بابەتی هۆشیاری و ئاگاداریی و ... هتد.

٣. پەڕەکان لەلایەن بەش/هۆبەی راگەیاندنی فەرمانگەکانەوە بەڕێوەدەبرێن ئەگەر هەیانبێت، بەشی زۆریشیان لەلایەن تاکە کەسەوە بەڕێوەدەبرێت، زۆرێک لەوانەش پسپۆڕی راگەیاندن و رۆژنامەوانیی نین.

٤. رادەی تەماشاکردنی «متابعەی» هاوڵاتیان بۆ ئەو پەڕانە بەپێی راپرسیەکی یەکەکەمان، لەنێوان «مامناوەند» بۆ «زۆر»ە، هەروەک رادەی متمانەی هاوڵاتیان بەو پەڕانە و ئەو زانیارییانەی بڵاوی دەکەنەوە، هەر بە هەمان ئاستە.

٥. تێبینی زۆر هەیە لەسەر ئەدا و کاری پەڕەکان، بەشی زۆری تێبینییەکان لەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:
ا. نەبونی شارەزایی میدیایی پێویست لەلای ئەوانەی پەڕەکان بەڕێوەدەبەن.
ب. نەبونی بابەتی میدیایی نوێ لە پەڕەکان و پشتبەستن بە بابەتە تەقلیدییەکان.
پ. خراپی دارشتنی رۆژنامەوانیی پۆستەکان و بونی هەڵەی زۆر تیایاندا.
ت. هەندێکجار کاتی بڵاوکردنەوەی پۆستەکان نەگونجاون بۆ وەرگران و ناوەختن.
ج. نەبونی ئاگایی میدیایی و زۆرجاریش پێشێلکردنی ئیتیکی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی پۆست و بابەتی نەشیاو.
چ. بڵاوکردنەوەی بابەتی ناپێویست.
ح. خراپی و نەشیاویی لایەنی تەکنیکی پۆستەکان (خراپی جۆری وێنە و ناپرۆفیشناڵیی، خراپی دیزاینی وێنە و گرافیک، خراپی وێنەگرتن و مۆنتاژ و ... هتد).
خ. سەرتوێژبونی پۆست و بڵاوکراوەکان و قوڵنەبونەوە و نەخستنەڕوی زانیاریی تەواو و روننەکردنەوەی بابەتەکان بەپێی پێویست.

٦. زۆرجار پەڕەکان وەکو بوارێک بۆ خۆدەرخستنی بەڕێوبەر و بەرپرسی یەکەمی فەرمانگەکە دەردەکەون، لە بری ئەوەی پەڕەیەک بن بۆ گەیاندنی زانیارییەکان بە هاوڵاتیان و وەرگرتنی فیدباکیان.

٧. نەبونی خولی راهێنان بۆ ئەوانەی پەڕەکان بەڕێوەدەبەن، ئەمەش وایکردوە کارامەیی نوێیان بۆ سەربار نە بێت .

٨. زۆرجار پەڕەکان بۆ گەیاندنی پەیام و داواکاری بەکاردەهێنرێن، بەڵام هاوڵاتیان نیگەرانن لەوەی لەکاتی ناردنی نامە بۆ پەڕەکان یان خستنەڕوی داواکارییەک لە کۆمێنت، وەکپێویست وەڵام نادرێنەوە.

## دوەم: راسپاردەکان

١. ئەوەی زۆر زەقە لەمیانەی کارکردنی پەڕەکاندا ئەوەیە کە هیچ بنەما و ڕێنمایی و پەیڕەوێک نییە ئەم بوارە ڕێکبخات، ڕەنگە ئەمەش ئیشی فەرمانگەی میدیا و زانیاریی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت کە هەستێت بە ئامادەکردنی پەیڕەوێک و گشتاندنی بەسەر فەرمانگەکان، بۆ ئەوەی کارەکان چوارچێوەیەکی ئسوڵی و پیشەیی بۆ دابنرێت. لە بۆشایی نەبونی دەستپێشخەرییەکی وەهاش دا، پێشنیاز دەکەین بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئیدارەی گەرمیان بە راوێژ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕی بواری میدیا و یاسا و کارگێڕی، پەیڕەو و ڕێنماییەک لەوبارەوە ئامادە بکەن.

٢. ناوی پەڕەی فەرمانگەکان یەک نەخراون، تەنانەت هەشیانە لە بری پەڕە هەژمار «ئەکاوەنت» بەکاردێنن، بۆیە گرنگە ئیدارەی گەرمیان لە ڕێگەی بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکانەوە، هەندێک هەنگاو بگرێتەبەر و سەرەتا لە یەکخستنی شێوازی نوسینی ناوی پەڕەکانەوە دەستپێبکات و پاشان هەوڵی برەودان بە بواری دیکە بدات.

٣. یەکێک لەو هەنگاوە گرنگانەی پێویستە بنرێت، ئەنجامدانی خولی راهێنانە بۆ ئەو کەسانەی پەڕەکان بەڕێوەدەبەن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی رابهێنرێن بە شێوازی ئامادەکردنی بابەتی رۆژنامەوانی، هەروەها خولی دیکەشیان بۆ بکرێتەوە بەتایبەتی بۆ بوارە تەکنیکی و هونەرییەکانی وەکو وێنە و گرافیک و ڤیدیۆ. ئەم کارەش چ لەسەر ئاستی یەک فەرمانگەدا بێت یاخود ئیدارەی گەرمیان پێی هەستێت لەسەر ئاستی هەمو فەرمانگەکان.

٤. بنەما ئیتیکی و یاساییەکانی بڵاوکردنەوە، لەو بوارانەن کە زۆر گرنگە ئەو کەسانەی پەڕەکان بەڕێوەدەبەن لێیان ئاگادار بن، بۆیە پێویستە بەڕێوبەرانی پەڕەکان بایەخ بەم بوارە بدەن، هەروەک دەشتوانرێت چ بە ئامادەکردنی ڕێبەر و ڕێنمایی، چ لە ڕێگەی خولی راهێنانەوە، ئەم بوارە ڕێکبخرێت.

٥. زۆرگرنگە پەڕەکان تابتوانن دور بکەونەوە لە بڵاوکراوەی تەشریفاتیی ناپێویست، بۆ ئەوەی پەڕەکان وەکو بوارێک بۆ خۆدەرخستنی بەرپرسان و بەتایبەتی بەڕێوبەری فەرمانگەکان دەرنەکەون.

٦. پەڕەکان بوارێکی زۆر خێرا و کاران بۆ وەرگرتنی راوبۆچونی هاوڵاتیان لەسەر ئیشوکاری فەرمانگەکان، بۆیە گرنگە فەرمانگەکان هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کۆمێنت و سەرنجانە بکەن کە بۆ بڵاوکراوەکانیان و پەڕەکانیان دەکرێت، هەروەک گرنگیی و بایەخی تایبەتیش بەو نامانە بدەن کە بۆ پەڕەکانیان دێت و هەوڵیشبدەن بە زویی وەڵامیان بدەنەوە، کە ئەمەش دەبێتە ئاسانکاریی هەم بۆ هاوڵاتی و هەمیش بۆ خودی دەزگاکە.

٧. لەڕوی ناوەڕۆکەوە گرنگە پەرە بە ناوەڕۆکی بڵاوکراوەی پەڕەکان بدرێت، بەوەی زانیارییەکان رون بن، هەروەک بەشێوازێکی جوان و رون خرابێتنەڕو و لەڕوی داڕشتن و ڕێنوسەوە تەواو و بێکێشە بن.

٨. گرنگە پەڕەکان و بەش و هۆبەکانی راگەیاندنی فەرمانگەکان، هاوکاریی و ئاسانکاریی تەواو بۆ رۆژنامەنوسان بکەن و پەیوەندییان باش و تەندروست بێت، بۆ ئەوەی هەر زانیاریی و پێویستییەکی میدیاییان هەبو بۆیان فەراهەم بکرێت.

٩. گرنگە پەڕەکان ئەوە بزانن کە ئەوان بەشێکن لە دەزگایەکی فەرمی و لەسەر بودجەی گشتی دەژێن، بۆیە نابێت پەڕەکان و فەرمانگەکەیان بۆ گەورەپیشاندانی بەرپرسە حکومییەکان بەکاربهێنرێت، جگە لەوەش بڵاوکراوەکانیان بە ئاراستەی پیشاندانی کارەکانیان وەکو چاکە نەبێت، بەڵکو وەکو پرنسیپێکی شەفافیەت و تەنها بە ئاراستەی ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان بێت لە کاروبارەکان.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net